# شێخ عەبدولڕەحمان:
# ئێمە جاش و پاسداری هەورامی وەرناگرین

"بۆ کوردستان": لە رۆژانی داهاتوودا حیزبێك بۆ هەورامییەکان لە هەر دوو بەشی رۆژهەلات و باشووری کوردستان دادەمەزرێ و شێخ عەبدولڕەحمان ئەحمەد محەممەد نەقشبەندی 56 ساڵە لە بیارەی باشووری کوردستانەوە رێبەرایەتی دەکا و لە رێگای "بۆکوردستان"ەوە داوا لە هەورامییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەکا کە بێنە ناو حیزبەکەیەوە.

هەر چەند ئەو بۆ وەرگرتنی هەورامییەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیش مەرجی هەیە و دەڵێ:" ئێمە ئەو هەورامییانەی کە کێشەیەکی یاسییان لەسەر بێت وەک کوشتنی مرۆڤ و دزی و کێشەی ناموسی، ئەو کەسانە وەرناگرین، بەلام ئەگەر کێشەی یاساییان لەسەر نەبێ و هەلاتبن وەریان دەگرین و ئەگەر حکوومەتی ئێران پاڵپشتیان بێ وەریان ناگرین. لەبەر ئەوەیکە هاوکاریی شۆڤێنیزمیان کردوە".

ئەو درێژە دەدا و دەڵێ:" ئێمە جاش و پاسداری هەورامی وەرناگرین و لەوانەیە بۆ لێکۆڵینەوە بیاندەینە دەستی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستانی ئێران".

شێخ کە ئێستا سەرپەرشتی خانەقا و مەرقەد و مەزاری تەوێڵە دەکا، سەبارەت بە وەرگرتنی لایەنگران و هەوادارانی ئەحزابی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان و وەرگرتنیان لە حیزبەکەی خۆی دەڵێ:" ئێمە ئەوانەش وەردەگرین. لەبەر ئەوەی کە ئەوان ئەگەر نەتوانن بچنە نێو ئەو لایەنانەی کە لایەنگری ئەو لایەنانەن، ئێمە رایاندەگرین تا ئەو کاتەی کە پێوەندی دەکەن بە لایەنەکانی خۆیانەوە".

ئەو لە درێژەی قسەکانی دا نموونەیەك لە هاوکارییەکانی خۆی بۆ ئەو خەڵکانە دێنێتەوە و دەڵێ:" خەڵکانی ژاوەرۆ و بێڵەوار و کەلاتەرزان و هەورامان دێن، ئێمە بە هاوکاریی لەگەڵ ئاسایشی تەوێڵە بەرێیان دەکەین. لای ئێمە پشوو دەدەن تا ئەو کاتەی کە وەردەگیردرێن و بەرێ دەکرێن بۆ نێو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان. ئەوان وەردەگرین و هاوکارییان دەکەین تا ئەوەی کە ئینشائەڵا ئێران رزگار ببێت و ئەوان ئازاد بچنە ناو حیزبەکانی خۆیانەوە یان لە کوردستانی عێراق پێوەندییان پێوە بکەن".

ئەو لە وڵامی ئەو پرسیارە کە ئێوە وەك لایەنێکی عێراقی، کە ئەندام وەردەگرن لە وڵاتێکی تر، ئەوە دەستێوەردان لە وڵاتێکی دیکە نییە، وتی:" من بڕوام بە ئێران و عێراق نییە. بڕوام بە کێشەی کورد و هەورامی هەیە. یانی ئەوەی هەورامی بێت و بیەوێ خەبات و تێکۆشانی خۆی دەست پێکا بۆ پێکهاتنی حکوومەتێکی دیکە بۆ ئایندەی ئێران هاوکارین".

ئەو نایشارێتەوە و دەڵێ:" ئێمە لە ئێرانیش بەشێکمان هەیە. ئێمە 2 پارچەین و لەم پارچەدا ئێمە بۆمان هەیە وەکوو نەتەوەی هەورامی هاوکاری یەکتری بکەین و دەبێ هەموو شتێکی بە رەزامەندی و هاوکاری و یارمەتی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان بێت".

دیسان لە شێخ پرسیار دەکەین کە سنوورێک لە ئارادایە بە نێوی ئێران و عێراق، ئایا بەزاندنی ئەم سنوورە کێشەیەک بۆ ئێوە ئەکەین. بەلام وەرگرتنی ئێرانی یان چالاکی لە ئێران، بەشێوەیەک ناکەین کە زیاتر لە رادەی ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران بێت و خەریکی رێکخستن نابین".

ئەو دەڵێ هەورامی نەتەوەیەکی جیاوازە و دەمانەوێ کۆیان بکەینەوە و لە پێوەندیی لەگەڵ پێشوازیکردنی هەورامییەکانی ئێران لە حیزبەکەی دەڵێ:"بە تەلەفۆن پەیوەندییان گرتووە و ناو و نیشان و ژمارەی تەلەفۆنی خۆیانیان داوە و هێندێک کەسیش لە شارە گەورەکانی سنە و مەریوان و پاوەوە هاتوون".

ئەو لە درێژەی لێدوانەکەی "بۆکوردستان" لەوە ئاگادار دەکا کە ئالۆگۆڕێکی سیاسی لە ئێران حیزبەکەی بەشداریی دەسەلاتی سیاسی لە داهاتووی رۆژهەلاتی کوردستان بکا:" ئەگەر وەزعەکە گۆڕا ئێمە بەشداریی دەکەین وەك هەورامی".

هەروەها ئەو دەڵێ ئێمە بۆ ئەوە دادەمەزرێین کە نەهێڵین زوڵم لە هەورامییەکان بکرێ:" هەورامییەکان بە حوکمی ئەوەی کە سوننیین زوڵمێکیان لێکراوە، کوردن و ئەویش زوڵمێکی ترە و لە ناو کوردەکان حیسابیان بۆ ناکرێ".

ئەو پێیوایە حیزبە کوردییەکان زوڵم لە هەورامییەکانی ئەندامی خۆیان دەکەن و هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە




ساز ناکا. وەکوو ئەوەی کە عێراق فشار بخاتە سەر حکوومەتی فیدراڵی کوردستان و بەو هۆیەوە کۆتان بکەنەوە؟

لە وڵامدا دەڵێ": ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو کاتەی کە ئێمە پێڕەوی ناوخۆییمان بڵاوکەینەوە و چالاکیمان دەردەکەوێ. ئێمە ئاژاوەیەکی وا دروست ناکەین. هەرچی بکەین بە هاوکاری لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە دەیکەین. ئەگەر ئەوان دەستبکەن بە چالاکی نیزامی، ئێمە چالاکی نیزامی بە شتێکی باش نازانین. چۆنکە دەبێتە هۆی شێواندنی ژیانی خەڵکی سنوورەکە وەکوو هەورامان".

ئەو دەڵێ لە ئەگەری روودانی کاری نیزامیی ئێمە و حیزبە کوردییەکانی ئێران لە سەر سنوور، ئێران وڵام دەداتەوە و ئەمەش بە زیانی هەورامییەکانە. دەوڵەتی ئێرانیش ئەرتەش و هێزێک دەهێنێتە ئەو ناوە و خەڵکەکە هەراسان دەکا. ئەمانەوێ وانەبێ، بەلام ئەو کاتەی ئێمە رامانگەیاند، دانیشتنمان لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان ئەبێ. ئەوان چۆن بکەن ئێمەش وا

سەهمی هەورامییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە دەسەلاتی حیزبەکەی لە بیر نەکردوە و وتی:"بە پێی ئەو پێوەندیانەی کە لە ئێرانەوە پێمانکراوە و بە پێی ئەو هێزەی کە هەیانە، کورسییان بۆ دادەنێین".

شێخ کە دەڵێ حیزبەکەم پێشوازی باشی لێکراوە نایشارێتەوە کە ئەگەر بۆی بکرێ لە کوردستانی ئێران مەقەڕ و نوێنەرایەتی دەکاتەوە:" بزانین چارەنووس و داهاتووی ئێران چۆن دەبێ و برادەرانی دیکە، لایەنەکانیتر، ئەوانەی کە تازە دامەزراون، دابنێشین و باسی بکەین و حەتمەن ئەو کارە دەکەین". بەلام دەڵێ:" ئێمە ئێستا وەکوو حیزب هاتووچووی ئەو دیو ناکەین، بەلام دەمانەوێ ئەم بانگەوازە ئەوانیش بگرێتەوە و خەڵک بێ لایەن و دوورەپەرێز نەبن. با هەر لە ئێستاوە خەڵکەکە خەریکی خۆ ئامادەکردن بن بۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ئێراندا روودەدا".

شێخ کە تا ئێستا لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕەسمی نەناسراوە و حیزبەکەی لە سەرەتای کاردایە حەزی لێیە کە لە ئەگەری هەر

بۆ ئەوەی کە هەورامییەکان حیزبی خۆیان نەبووە:" باسێکی زۆرمان کردووە و بە شێوەی کۆبوونەوەی داخراو زۆرمان لێکۆڵیوەتەوە، ئێمە رێکخراوێکی هەورامیمان نەبووە، ئەگەر رێکخراوێکی هەورامی بایە وانەدەبوو".

ئەو لە کۆتایی لێدوانەکەی لە ریگای "بۆ کوردستان"ەوە ئەم پەیامە دەنێری بۆ هەورامییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و دەڵێ:" داوای ئەوە ناکەم کە بێنە ناو حیزبەکەمانەوە. داوای ئەوە دەکەم کە لە هاوکاریی رێژیم، لە بواری هەواڵگری و نیزامی بۆ کاربەدەستانی رێژیم خۆیان بە دوور بگرن. ئەوانەی کە تاوانبار بوون لەمەو پێش، لە جینایەت و کوشتن و برینی خەڵکی دەستیان هەبووە، خۆیان لەوە دوور بکەنەوە. ئەگەر بۆیان دەکرێ خۆیان بگەیەننە حێزبەکانی خۆیان، یا خۆیان بۆ روودانی هەر ئەگەرێک لە ئێران و رۆژهەلاتی ناوەڕاست ئامادە بکەن".

پاشماوەی لاپەڕەی 1

## لێدوانی وتەبێژێکی PAK ...

...2- نەزمی ئەفشار، لەونامەیەدا باس لە "گەلاڵەی رەزاخانی بۆ دژایەتیکردنی ترک" دەکا؛ وەک بڵێی مێژوو تۆماری نەکردووە کە شانازیی گەورەترین بەرەنگار بوونەوەی رەزاخان بۆ نەتەوەی کورد و سەرکردە مێژووییەکەی "سمکۆ" دەگەڕێتەوە کە چەن جارێک سەرلەبەر تەخت و بەختی رەزاشای وەلەرزین خست. بەلام رەزاخان بە هاوکاریی کەسانی هاوبیچمی نەزمی ئەفشار، خۆی گرتەوە.

3- هەڵوێستەکانی نەزمی ئەفشار، وانەکانی مەکتەبی ڕزیوی کەمالیزمن و فرپیان بەسەر ئازادیخوازیی و پرێنسیپی یەکسانی نێوان نەتەوەکانەوە نییە. ئەو لە کاتێکدا باس لە "دنیای چوارسەد ملوێن ترک و سێسەد ملوێن عەرەب" دەکا کە ئاوات و ئامانجە رەواکانی نەتەوەی کوردی دابەشکراو، بۆ یەکێتی و یەکگرتنەوە بە "مەحاڵ" و لە ناوبەری "ناوەندەکانی شارستانیەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست" دادەنێ.

4- وا دیارە هەڕەشە و گوڕەشەکانی دەوڵەتی ترکیا و کۆکردنەوەی هێزەکانی بۆ لەشکرکێشیی لەسەر سنووری باشووری کوردستان، ئاغای نەزمی ئەفشاری هەڵگرتووە و بای چووەتە قولەوە. نەزمی ئەفشار کە بووەتە هاووڵاتییەکی ئەمریکی و ساڵەهایە لەو قارەیە دەژی و تەنیا لە رێگای مانگی دەسکردەوە ئاگای لە ئێش و ئازارەکانی وڵاتەکەیەتی، خۆی لێبووەتە "نوێنەری 35 ملوێن ترکی ئێرانی" و فەخر بە کۆنگرە دەفرۆشێ و ئەوە بە چاویدا دەداتەوە کە: "من پێموابوو کە بەبێ هەبوون و پشتگیریی نوێنەرێک لە سی و پێنج ملوێن ترکی ئێرانی ئەم کۆنگرەیە هێز و متمانەی چەندایەتی و چۆنایەتی نابێ". ئەوەیە وانەی مەکتەبی کەمالیزم، ئەوەیە قوتابی سەرکەوتووی ئەو مەکتەبە کە بەتاقی تەنیا بەبێ پرس بە هیچ کەسێک، لە قاڕەیەکی دوورەوە خۆ بە نوێنەری 35 ملوێن کەس دەزانێ. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان نەزمی ئەفشار بە نوێنەری برا ئازەرییەکانی ئێران ناناسین و هەڵوێست و بۆچوونە کەسکونەکانی ئەو تەنیا بەهی خوی و تاقمێکی توندڕەوی جیا لە خەڵکی نەبووی ڕابردووی خەبات و بێ ئەزموون لە کاری سیاسییدا دەناسین.

5- نەزمی ئەفشار باس لە "تێرۆریزم و توندوتیژی و خوێنڕێژی"دەکا و هەموو ئەوانەش بە باڵای پارتی کرێکارانی کوردستان دەبڕێ و دەسدرێژی و تێرۆریزمی دەوڵەتی ترکیا کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای کەمالیزم راوەستاوە، بە "هەنگاوی ئاسایشی وڵاتی ترکیا لە دەوروبەری سنوورەکانی خۆی و تەنیا بۆ کۆنترۆڵکردنی کردەوەی تێرۆریستی" ناودەبا. ئیتر خۆ لەو ڕاستییە گێل دەکا کە: دەوڵەتی ترکیای نوێ لە رۆژی دامەزرانییەوە بە ئامانجی تواندنەوەی هەموو نەتەوە نە ترکەکان، پڕۆسەی تێرۆر و کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی لە دژی نەتەوەکانی کورد و ئەرمەن بەڕێوە بردووە و خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی دیکە، ئاڵقەیەک لەو زنجیرە بەرەنگاری و بەرگرییانەیە کە لەبەرانبەر دەسدرێژیی و گوشار و تێرۆریزمی دەوڵەتی ترکیادا کراون.

نەزمی ئەفشار کە خۆی لە ئەمریکا دەژی، دەبێ بزانێ مەجلیسی سەنای ئەمریکا، چ پڕۆژەیەکی سەبارەت بە کوشتاری نەتەوەی ئەرمەن لە لایان ترکیاوە گەڵاڵە کردووە.

6- نەزمی ئەفشار، کە وەک هەر قوتابییەکی مەکتەبی کەمالیزم، چاوی لە حەنای کیانی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان هەڵنایە، تەشەر لە کوردان دەدا و "تەنیا هۆکاری ئەو کیانە" بە هەبوونی ئەمریکا لە عێراق دادەنێ. ئیتر خۆ لەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی رۆڵەکانی کورد لە 100 ساڵی ڕابردوودا گێل دەکا کە بۆ وەدیهێنانی ئەم رۆژەیان بەخشیوە.

ئایا بۆ کەسێک کە بەردی بناخەی قیبلەکەی پاش لەبەریەک هەڵوەشانی ئیمپراتۆری "پیاوە نەخۆشەکە"، بەسات و سەودا لەگەڵ هێزە دەرەکییەکانی براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دانراوە، باسکردن لە هەبوونی هێزی دەرەکیی و تەشەردانی وا لە کورد، بێجگە لە روو هەڵماڵاویی شتێکی دیکە دەگەیەنێ؟

7- نەزمی ئەفشار، بەڕادەیەک لە هەبوونی کیانی سیاسیی کورد لە عێراق و هەبوونی دام و دەزگای قانوونیی دەوڵەتیی تووڕە و بەداخە کە ناتوانێ ناوی دروستی سەرۆکی ئەو کیانە بزانێ و خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی کە 27 ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە، لێبووەتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەڵێ: "ئیدریس بارزانی فەرمانی کوشتنی خەڵکی تورکمەنی کەرکوکی داوە". زۆر سەیرە کەسێک کە ناوی راست و دروستی کەسایەتییەکی ناسراو نازانێ، کەچی بوختان و تاوانی دەداتە پاڵ. لە وەش سەیرتر ئەوەیە کە نەزمی ئەفشار لە کاتێکدا بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵی رەوا نابینێ کە بڕیاری لەشکرکێشی بۆ سەر گەلێکی تازە ئازادبوو لە چنگی دیکتاتۆری مەحکووم بکا، رێگا بەخۆی دەدا باس لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێکی دیکە بکا. ئەویش نەک لەسەربنەمای راستییەکان بەڵکوو چەواشەکارانە و دوور لە هەرچەشنە راستییەک. لە تەواوی 16 ساڵی ڕابردوودا دەسەلاتی سیاسیی باشووری کوردستان، نەک هیچ دەسدرێژییەکی نەکردووەتە سەر ماف و ئازادییەکانی تورکمەنەکان، بەڵکوو ئەو رێز و ماف و ئازادییانەی لە کوردستان و لە بەرنووسی یاسای بنەڕەتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکمان و باقی کەمە نەتەوەکان لەبەرچاو گیراون، هەرگیز لە مێژووی عێراقدا وێنەی نەبووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە قانوونی بنەڕەتی دەوڵەتی قیبلەی ئاغای نەزمی ئەفشار، زیاتر لە 70 ساڵە بەڕاشکاوی دەڵێ: "ئەوەی لە ترکیا دەژی، ترکە".

8- ئاغای نەزمی ئەفشار، چەند جارێک لە نامەکەیدا، بە مەبەست و مانادار دەیهەوێ نەتەوەکانی عەرەب و ترک لە بەرانبەر کورد دا دابنێ و لە چەند شوێنی نامەکەیدا ئاماژەی پێداون.

لەم پێوەندییەدا، دەمانەوێ ئاغای نەزمی ئەفشار باش بزانێ و تێبگا کە، نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخوازە؛ خاکی کەسیی داگیر نەکردووە و هەڵنەکوتاوەتە سەر هیچ نەتەوەیەکی دیکە؛ کەمە نەتەوەکانی کوردستان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، لە رێز و حورمەت و پاراستندا ژیاون؛ ئەو شوێنەی کورد دەسەلاتی هەبووە، هەموو رۆڵەیەکی سەربە کەمە نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان، رێزیان لێگیراوە و مافیان پارێزراوە. هەروەها کورد دوژمنایەتیی لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک لەوانە عەرەب و ترک نییە و خوازیاری ئەوەیە کە بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە لە ناوچەکەدا بژین، بەلام ئەگەر ئاغای نەزمی ئەفشار، بەو تەرزە، دەیهەوێ هێز نیشانی کورد بدا و چاوی لێسوور بکاتەوە، با دڵنیا بێ کە کورد لەگەڵ ئەوەدا جیاوازیی دادەنێ لە نێوان نەتەوەکانی ترک و عەرەب لەگەڵ ئەو حکوومەتانەی لە ترکیا و عێراق و سوریا و ئێران، کوردیان بە هەموو شێوەیەک چەوساندووەتەوە و ژینۆسایدیان لە دژ بەڕێوەبردووە، لەو ئامار و ژمارە بەڕوودا دانە ناترسێ و تا ئێستاش ئەو دەسەلاتدارانە ئەگەر کارێکیان لە دژی کورد پێکرابێ، درێخیان نەکردووە. نەزمی ئەفشاری دەستوپێ سپی دەبێ بزانێ کە کورد نەتەوەی قاڵبووی کارەساتەکانە، راهاتووی خەبات و بەرگری و قوربانیدانە و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و پیشاندانی هێز نایترسێنێ.

خراپ نییە نەزمی ئەفشار ئەوەش بزانێ کە، ناکرێ چیدیکە 40 میلیون کورد لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا حاشای لێبکرێ و لە مافی سەروەریی سیاسیی لەسەر جوغرافیای خۆی بێبەش بکرێ.

9- ماوەتەوە بڵێین کە ئەو جۆرە هەڵوێست و ئاخافتنانەی ئاغای نەزمی ئەفشار، هیچ قازانجێک بە برا ئازەرییەکانمان ناگەیەنێ و دژ بە رۆحی سەردەم و رەوتی دیمۆکراتیزاسیۆن و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤە.

ئاواتەخوازین ئازادیخوازانی بە ویژدانی ئازەری و ترک لە ئێران یان هەر کوێی دیکە، کوردناسی و تێڕوانین لە پرسی کورد، لە رۆشنبیری گەورەی ترک ئیسماعیل بیشکچییەوە فێر بن و ئەم دەستە و تاقمە توندڕەوانە کە تۆوی دژایەتی لە نێوان نەتەوەکاندا دەچێنن لە ریزەکانی بزوتنەوەی سیاسیی ترک و ئازەریی رادەن و تەریکتریان بخەنەوە.

بژی ئاشتی و برایەتی لە نێوان نەتەوەکاندا
وتەبێژێک لە
پارتی ئازادیی کوردستان